## کاوەی گۆڵچی لە یانەی ئالاّ:

# پێویستە ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان یاریگای نوێ لە شاری هەولێر دروست بکات



**کاوە یەکێک لەو گۆڵچییە لاوانەیە کە سەرەتا لە تیپە میللییەکان هاتە نێو وەرزش لە تیپی تیشک دواتر لە تیپی سەهەند یاری کرد دوای نیشان دانی ئاستێکی بەرز چووە ریزی یانەی هەولێر لە لاوان یاری دەکرد دواتر پەیوەندی بە یانەی ئالاّ کرد کە ئێستا لە خولی کوردستان ئاستێکی باشی نیشان داوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

*** چۆن بوو لە لاوانی هەولێر هاتییە ریزی یانەی ئالاّ؟**

– لە ساڵی ٢٠٠٢ بریارم دا کە بچمە یانەی ئالاّ بۆ پێشخستنی ئاستی خۆم و یانەی ئالاّ.

*** بۆ چی ئەم ساڵ ئاستان وەکوو پێویست نییە؟**

– راستە ئەم ساڵ ئاستمان وەکوو پێویست نییە، بەلاّم هەندێ لە یاریزانەکانمان ئەزموونی خولە نایابەکانییان نییە و چەند یاریزانێکی سەرەکیمان تووشی پێکان بوون ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ دابەزینی ئاستی یانەکەمان.

*** رات چییە بەرامبەر دەستەی کارگێڕی یانەی ئالاّ؟**

– من زیاتر پەیوەندیم بە راهێنەری گۆڵچی دیار کەمال و راهێنەری یانە هەیە، دەستەی کارگێڕی ئەرک و مافەکانی دیارە بەرامبەر یاریزانان پێویست ناکات من باس لەو شتانە بکەم.

*** بیستومانە دوای ئەوەی تووشی پێکان بووی دەستەی کارگێڕی پارەی نەشتەرگەری بۆ دابین نەکردووی تا چەند ئەمە راستە؟**

– بەڵێ ئەمە راستە، لەکاتی تووشی پێکان هاتم بەشێوەیەکی گشتی تەنیا سەرپەرشتیاری یانە چاودێری کردوم بەلاّم دەستەی کارگێڕی بەپێی پێویست ئاگادارم نەبوون و هەروەها سەردانیشیان نەکردووم.

*** رات بەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن چییە؟**

– دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵی باشییان هەیە و دەکرا باشتریش بن چونکە پاڵپشتی بەرچاویان لێدەکرێت، رۆژنامە وەرزشییەکان بەرەو پێش چووینە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ساڵانی رابردوو.

*** ئاستی ناوبژیوانان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ناوبژیوانان باش نییە، راستە ناوبژیوان مرۆڤە هەڵە دەکات بەلاّم هەڵەکانی نەبێتە هۆی دۆڕانی یانە یاخود زۆر جار هەڵە بە هەڵەیێکی تر چاک بکاتەوە.

*** رەخنە و پێشنیارت بۆ ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان چییە؟**

– پێویستە یاریگای نوێ لە شاری هەولێر دروست بکات چونکە ئەو یاریگایە بچووکانە بۆتە هۆی دورکەوتنەوەی تیپەکان لە یاریگای گەورە.



## لە لووتکەی یارییەکانی خولە نایابەکانی کوردستان

# یانەی پێشمەرگەی هەولێر و سلێمانی مێوانداری یانەی دهۆک و بروسک دەکەن




**لە میانی یارییەکانی قۆناغی دووەم خولی پێنجەمی یارییەکانی خولە نایابەکانی کوردستان ئەمرۆ و سبەی (١٦) یاری گرەنگ بەرێوە دەچێت ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە لەگەڵ ریزبەندی یانەکان.**

### کۆمەڵەی یەکەم

| | |
|---|---|
| چەمچەماڵ - ئالاّ | یاریگای چەمچەماڵ |
| سیروانی نوێ - ئاسۆ | یاریگای سیروانی نوێ |
| سیروانی شارەزوور - بەختیاری | یاریگای دەربەندیخان |
| هەڵۆ - هەولێر | یاریگای بلێ |

**ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

| | |
|---|---|
| ١-هەولێر | ٣١ خاڵ |
| ٢- سیروانی نوێ | ٢٢ خاڵ |
| ٣- ئاسۆ | ١٥ خاڵ |
| ٤- هەڵۆ | ١٤ خاڵ |
| ٥- ئالاّ | ١٢ خاڵ |
| ٦- بەختیاری | ١٢ خاڵ |
| ٧- چەمچەماڵ | ١١ خاڵ |
| ٨- سیروانی شارەزوور | ٧ خاڵ |




### کۆمەڵەی دووەم

| | |
|---|---|
| شێروانە - دەربندیخان | یاریگای کەلار |
| پێرس - جیهان | یاریگای پێرس |
| سۆلاڤ - کەرکووک | یاریگای سەورە |
| ئەزمەر - زاخۆ | یاریگای بازیان |

**ریزبەندی کۆمەڵەی دووەم**

| | |
|---|---|
| ١- پێرس | ٢٦ خاڵ |
| ٢- کەرکووک | ١٩ خاڵ |
| ٣- زاخۆ | ١٨ خاڵ |
| ٤- ئەزمەر | ١٨ خاڵ |
| ٥- دەربندیخان | ١٥ خاڵ |
| ٦- سۆلاڤ | ١١ خاڵ |
| ٧- شێروانە | ٨ خاڵ |
| ٨- جیهان | ٤ خاڵ |

### کۆمەڵەی سێیەم

| | |
|---|---|
| پ.هەولێر - دهۆک | یاریگای پ.هەولێر |
| خانقین - خاک | یاریگای خانەقین |
| سەلاّحەدین - شەقلاّوە | یاریگای سەلاّحەدین |
| ئاشتی - پ.سلێمانی | یاریگای بازیان |

**ریزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

| | |
|---|---|
| ١- دهۆک | ٢٩ خاڵ |
| ٢- سەلاّحەدین | ٢٣ خاڵ |
| ٣- پ.هەولێر | ١٦ خاڵ |
| ٤- پ.سلێمانی | ١٥ خاڵ |
| ٥- خانەقین | ١٤ خاڵ |
| ٦- خاک | ١٣ خاڵ |
| ٧- شەقلاّوە | ١٠ خاڵ |
| ٨- ئاشتی | ٢ خاڵ |

### کۆمەڵەی چوارەم

| | |
|---|---|
| سەورە - شۆریجە | یاریگای سەورە |
| گارە - هەندرێن | یاریگای پێرس |
| سلێمانی - بروسک | یاریگای سلێمانی |
| پێشکەوتن - کۆیە | یاریگای شەهیدان |

**ریزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**

| | |
|---|---|
| ١- بروسک | ٢٨ خاڵ |
| ٢- سلێمانی | ٢٤ خاڵ |
| ٣- هەندرێن | ١٩ خاڵ |
| ٤- گارە | ١٣ خاڵ |
| ٥- سەورە | ١١ خاڵ |
| ٦- پێشکەوتن | ٩ خاڵ |
| ٧- کۆیە | ٨ خاڵ |
| ٨- شۆریجە | ٧ خاڵ |



# مەلەوانگەی داخراوی یانەی هەولێری گەشتیاری کرایەوە

**لە ژێر چاودێری پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی رۆژی چوارشەممە مەلەوانگەی داخراوی یانەی هەولێری گەشتیاری کردووە کە بریتییە لە ساونا و گەرماوی هەڵمی و وەرزشی و کافتریا لە خۆ دەگرێتەوە، کە ئەنجوومەنی باڵای وەرزش لە ساڵی ٢٠٠٤ بەم کارە هەڵسا، ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین**

راپۆرت : رێبین رەمزی

**سەرەتا شێردل تەحسین سەرۆکی یەکێتی مەلەوانی هەولێر و جێگری یەکێتی ناوەندی مەلەوانی کوردستان گوتی:**



بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی کە بڕیاری دا چەند مەلەوانگەیێک لە کوردستان بکاتەوە بۆ پێشخستنی مەلّەوانی لە کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش مەلەوانگە لە زاخۆ و دهۆک و سەلاحەدین و ئەم مەلەوانگەیە لە هەولێر کرایەوە، دروست کردنی ئەم مەلەوانگایە کەرتی تایبەت ئەنجامی داوە و ئێمە لە چۆنییەتی دروست کردنی بە هیچ شێوەییەک ئاگامان لێ نییە و لە سەرەتا ئەگەر ئێمە دروستمان بکردبایە بەم شێوەی ئێستا دروستمان نەدەکرد چونکە یاسایی نییە بەهیچ شێوەیەک و هەروەها چەندین کەم وکوڕی تێدایە ئەگەر ئێمە خۆمان ئەم کەم وکوڕییە چاک بکەینەوە بۆ نموونە کاشی نێو مەلەوانگە کە نابی ئەم جۆرە بێت چونکە جۆری تایبەتی خۆی هەیە.

**سەبارەت بە کردنەوەی پاڵەوانێتی کوردستان و دەست نیشان کردنی هەڵبژاردەی کوردستان شێردل تەحسین گوتی:**

تا ئێستا ئێمە بریارمان نەداوە چونکە تا بە تەواوی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان پێک نەیێت ئێمە ناتوانین هیچ خولێک بکەینەوە و هەروەها تا ئێستا بودجەمان بۆ دابین نەکراوە، بیرۆکەی دروست کردنی هەڵبژاردەی



کوردستان هەیە چونکە ئێمە تیپێکی بەهێزی ئافرەتانمان هەیە کە لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە بۆیە هەوڵ دەدین لە پاڵەوانیتیەکانی دەرەوی عێراق بەشداری بکەین.

**دواتر ئەحمەد خدر خاوەنی کۆمپانیای ژیاوە کە بە بۆندێکی فەرمی ئەم مەلەوانگایەی گرتووە گوتی:**

ئێمە وەکو کۆمپانیای ژیاوە ئەم مەلەوانگەیەمان بە کرێ لە یانەی هەولێر گرتووە بۆ ماوەی چوار ساڵ بە بری ٣٤ ملیۆن بۆ ساڵێک و ئەم مەلەوانگەیە بە مانگانەییە کە هەر مانگێک بە ٥٠ دۆلارە چونکە قەبارەی ئەم مەلەوانگەیە گەورە نییە بۆیە کردمانە مانگانە، دەربارەی چۆنییەتی دروست کردنی ئێمە ئاگادار نینە بەڵام دوای ئەوەی ئەم مەلەوانگەیەمان لە یانەی هەولێر بە کرێ گرت دەسکاریمان کرد نزیکەی ١٥ ملێۆن دینارمان سەرف کردووە چونکە زۆر بە خراپی دروست کرابوو و هەروەها گۆرڕنکاریمان تێدا کرد و هەندێک شتمان لە تورکیا هیناوە و بڕیارە باخچەیێک لە چواردەوری بۆ دروست بکەین، بەڵام بۆ گشت یانەکان بەخۆراییە و هەروەها بۆ قوتابیانی کۆلێژی پەروەردی وەرزشی بە خۆراییە تاکوو مەلّەوانی لە کوردستان زیاتر پێش کەوێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوان یانەکانی کوردستان ناکەین و دەرگای ئەم مەلەوانگەیە بۆ گشت یانەکان کراوەیە.



# تۆپی دەستی یانەی هەولێر لە پاڵەوانییەتی عەرەبی ئەنجامەکانی وەکو پێویست نەبوو و دەبێ هۆکارەکانی چی بن؟

***پێش چەند رۆژێک شاندی تۆپی دەستی یانەی هەولێر لە سعودیە گەڕایەوە دوای ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانییەتی خولی عەرەبی کرد و لە کۆی هەشت یانە توانی پلەی شەشەم بەدەست بێنێنت ئەم ئەنجامەش لەلایەن چاودێرانی وەرزشی وەکو پێویست نەبوو ئێمەش بە باشمانزانی لە نزیکەوە ڕاپۆرتێک لەگەڵ ئەندامانی ئەم شاندە ساز بدەین وبزانین هۆی ئەم شکستە چی بوو و کێ لێی بەرپرسیارە و ئاستی پاڵەوانیەتیەکە و میوانداریکردنی شاندەکان تا چ رادەیەک وەکو پێویست بوو.***

**سەرەتا مەحمود عەزیز سەرۆکی شاندەکە گوتی:** بەڕاستی ئاستی تیپەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆرباش بوو، چونکە زۆربەی هەرە زۆری تیپە بەشداربووەکان چەندین یاریزانی پێشەگریان هێنابوو سەبارەت بەمیوانداریکردن بەڕێزیان گوتی:

دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو کەبووە هۆی ئەو ئەنجامە خراپە یەکەمیان ڕاهێنەرمان نەیتوانی وەکو پێویست مامەڵە لەگەڵ یارییەکان بکات بۆ نموونە لە زۆربەی یارییەکان ئێمە تاکۆتایی یاری لە پێش بووین و



دواجاریش تووشی شکست دەبووین و نەیدەتوانی چارەسەری بکات و بەرگری لە ئەنجامەکان بکات و هۆکاری دووەمیش کەمی ئەزموونی یاریزانەکانمان بوو کە نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە ناوبژیوانان ئاستیان وەکو پێویست نەبوو بەتایبەتی لە یاری یەکەم کە هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنی ئێمە بوون لەم خولە ناوبژیوانانی تونسی بەڕاستی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لەکۆتایشدا بەڕێزیان تەئکیدی لەوە کردەوە کە تا دوا چرکەی خولەکە ئێمە وەکو تیپی نموونەی دەستنیشان کرابووین بەڵام لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان ناوی یانەی عەرەبی قەتەری خوێندراوە، ئێمە قسەمان لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی عەرەبی کرد و ویستمان هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە بزانین و پێیان گوتین: کە دکتۆر بژار جێگری سەرۆکی تۆپی دەستی عێراقی زیادەڕۆیی کردۆتە سەر ئەمینداری گشتی پاڵەوانیەتیەکە و قسەی ناشیرینی گوتووە بۆیە لیژنەی باڵا ئەم بڕیارەی دەرکردووە. پاشان هەر سەبارەت بەم پاڵەوانیەتیە ڕوومان کردە **بێجان ئیبراهیم سەرپەرشتیاری یانەی هەولێر گوتی:** بەشێوەیەکی گشتی پاڵەوانیەتیەکە لە ئاستێکی بەرز دابوو ئێمە ڕاستە بەگشتی ئەنجاممان باش نەبوو بەس گەر سەیری ئەنجامەکان بکەی لە کۆتاییدا زۆر لە یەک نزیکبوون، یانەی جەزائیری کە بە پلەی دووەم هات بەجیاوازی دوو گۆڵ لە ئێمەی بردەوە ئەویش بەهۆی چەندین هەڵەی کوشندەی یاریزانان و گۆڵچی بوو سەبارەت بە هێنانی یاریزانەکان چەند یاریزانێکمان لە یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی و یانەی کەرخ هێنابوو بۆ بەهێزکردنی یانەکەمان نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەمە یەکەمین بەشداریمان بوو و لەداهاتووش باشتر دەبن، دواتر ڕووی پرسیارمان کردە **«دڵشاد محەمەد» یاریزانی یانەی هەولێر، گوتی:** بەڕاستی ئێمە وەکو یاریزانان سوودێکی باشمان لەم خولە وەرگرت سەرەڕای ئەوەی ئەنجامەکانمان وەکو پێویست نەبوو چونکە ئەمە یەکەمین بەشداریمان بوو لە دەرەوەی وڵات و یاریکردن لەگەڵ ئەم یانە بەهێزانە کە زۆربەی یاریزانەکانی پیشەگر بوون کە لە وڵاتی وا هاتبوون لەم بوارە ئەزموونیان باش بوو.